# ژنانی پەنابەر لەنێوان "حیجابی ئیسلامی" و ڕاسیزمدا!

**سەوسەن سەلیم**

sawsan.s@ukonline.coc.uk

ڕاگەیاندنەکەی چەند ڕۆژ لەمەوبەری "جاك سترۆ" لەبارەی حیجابەوە، لەئاستیکی فراواندا دەزگاکانی میدیا و ڕای گشتی کۆمەڵگای بەریتانیای بۆ باسکردن لەسەر پۆشینی حیجاب ڕاکێشا. لەم نیوەدا گروپە ئیسلامیەیەکان و "ڕسپێکت پارتی" وڕێکخراوە چاراتیە ئیسلامیەیەکان بەتوڕەییەوە لەبەرامبەر قسەکانی جاك سترۆ ڕاوەستان و جارێکی تر ئالای "فەرهەنگی ئیسلامی وئازادی پۆشینی حیجاب و ڕیعایەتکردنی ئەو داب و نەریتانەی کە لەپشتیەوە شەریعەتی ئیسلامی راوەستاوە" بەرزکردەوە. لەبەرامبەریشدا، قسەکانی جاکسترۆ بووە بەهانەیەك بۆ چالاکبوونەوەی راسیزم و هەڵکوتانەسەر ژنان و خەڵکی پەنابەر کە لە ولاتی بەریتانیادا نیشتەجیبوون. بەمجۆرە ژنانی پەنابەر لەهەردوولاوە کەوتونەتە بەردەم هەڕشەو مەترسیەیەکی گەورەوە. بەلام هەق بەکێیە؟

جاکسترۆ ڕاست دەکات کاتێك دەلێت: "حیجاب دەبێتە مایەی جیاکاری ژنان لەنێو کۆمەلگادا"، بەلام نایەوێت دان بەو ڕاستیەیەدا بنێت کەئەوە حکومەتەکەی خۆیەتی بەهۆی سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی و"ڕێزلێنان لەفەرهەنگە جیاوازاکان"ەوە ژنان و خەلکی پەنابەریان لەکۆمەڵگای مەدەنی بەریتانیا و پیشرەوییەکانی دابڕاندووە و ئەوانیان بەفەرهەنگ و داب و نەریتە نەتەوەیی و ئاینیەیەکانی "خۆولاتی وئیسلامی" سپاردووە. جاکسترۆ نایەوێت ئەوە ڕاستیەیە بسەلمێنێت کەپەرەگرتنی "حیجابی ئیسلامی" لەنێو ژنان و منالان وخیزانی پەنابەراندا، راستەوخۆ بەرهەمی سیاسەتێکە کەحکومەتەکەی ئەو لەبەرامبەر ئیسلامو فەرهەنگی ئیسلامیدا بەرێوەی دەبات. "ئازادی فەرهەنگی"، ئەمە ئەو ناونیشانەیە کەڕێیداوە ماف و ئازادیەیە فەردی و مەدەنیەیەکانی ژنان و منالان و خەلکی پەنابەر بسپێردرێت بەمەلا و ریکخراوە چاراتیە ئیسلامیەیەکان و بەئارەزووی خۆیان ژنان و خەڵکی پەنابەر بکێشنە ژێر سێبەری بەهاو نەرێتە ئیسلامیەیەکانەوە بەبێ ئەوەی خۆیان ئیختیاریان لەسەربێت. هاندان بۆکردنەوەی مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەیەکان وڕێگەدان بە حیجابی کچان و منالانی ژێر تەمەنی 18 ساڵ تادەگات بەمونافەسەی نیوان ئاینەکانی مەسیح و جولەکەو ئیسلام، هەموویان بەرهەمی سیاسەتی "میلتیکالچرالیزم" و "ئازادی فەرهەنگە جیاوازەکان"ە، کەلەئەنجامدا ژنان و کچانی پەنابەر و رۆژهەلاتی کردووەتە نیشانەی خۆی.

بەلام لایەکی تری هەرئەم سیاسەت ومامەڵەیەی حکومەتەکەی جاکسترۆ پەرەگرتن و سەرهەلدانی دیاردەی راسیزم و توندڕەوی و دەمارگیری کویرانەیە کەبەرامبەر بەخەڵکی پەنابەر هاتوتەکایەوە و رۆژانە خەریکی تەحقیر و تەوهین و هەرەشەکردنە لەپەنابەر وکوچکردوان. ڕاسیزمێك کەخەریکی هەرەشەکردنە لەلاوان ومنالانی پەنابەر لەنێو کۆلان و قوتابخانەو جیاکردنەوەیان لەبووارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا و تەنانەت چاوەروانی ئەوەشی لێدەکرێت دەستبەریت بۆسوتاندنی ماڵ و شوینی حەوانەوەی پەنابەران.

لەبەرەیەکی تری ئەم کێمەکێشەدا کەلەسەر مەسەلەی حیجاب هاتوتەکایەوە، ئەوە ئیسلامیەیەکانن کەئیدعای ئازادی ئیختیاری فەرهەنگ و جل و بەرگ دەکەن، بەلام حیجاب و پۆششی ئیسلامی نەبەرگەو نەپۆشینی ئازادی فەردیەیە، بەلکو حیجاب یەك رەمزو سومبلی ئیسلامی سیاسیەیە کەپێوانەو فەرهەنگی ئیسلامی وشەریعەتەکەی لەپشتەوە راوەستاوە و گەرەکیەتی ماف و ئازادیەیە فەردی ومەدەنیەیەکانی ژنانی پێ لەقالب بدات. حیجاب ڕەمزی جیاکاری ژنان و ئاپارتایدیکی ئاشکرایە وڕاکیشانی ژنانە بۆ ژێر کۆنترۆڵی پیاوان. حیجاب تێڕوانینی سێکسیستی وکۆیلەیەتی ژنان لەنیوکۆمەڵگادا دەچەسپێنی. لەیەك وتەدا حیجاب تەنها بەرگێك نیەیە بپۆشرێت، بەڵکو ڕەمزێکە بەدەست ئیسلامی سیاسیەیەوە بۆ بەئیسلامی کردنی فەزای کۆمەڵگا وپەلاماردانی بەها و پێوانە سکولار ومەدەنیەیەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ. حیجاب بەشێکە لەفەرهەنگی ئیسلامی و شەریعەتەکەی کەشەلاق و کوشتن و چەند ژنەیی و خەتەنە وسەنگەسار و زیندان و ئیعدامی کردۆتە سزا بەسەر ژنانەوە، بەتایبەتی کاتیك بیانەوی وەك ئینسانی ئازاد بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان و ئایندەیان بدەن ..

دورخستنەوەی ژیانی ژنانی پەنابەر لەمەترسی و پەلامارەکانی راسیزم و ئیسلامی سیاسی ئەوە دەخوازیت کۆمەڵگا بەپێی یاسا و پیوانەکانی سکولاریزم و مافی هاولاتی یەکسان ومەدەنیەت ڕێکبخرێت. دەبێ دەستی دین و فەرهەنگی ئیسلامی لەسەر ژیانی خەلك و ژنان کۆتابکرێت، جیایی دین لەدەولەت و فیرکردن وبوواره کۆمەلایەتیەیەکان ریگای ئەم ئامانجەیە. نابی هیچ فرسەتیك بەئیسلام و فەرهەنگی ئیسلامی بەبەهانەی "ئازادی فەرهەنگەکان" و ئیحترام دانان بۆ "فەرهەنگی خۆولاتی وئاینیەیەکان"بدرێ، و دەبێ پۆشینی حیجاب لە نیو دامەزراوە دەولەتیەیەکان و خوێندنگاکان و هەموو ئەوشوینانەی ژیانی مەدەنی کۆمەڵگا رادەگرن قەدەغەبکریت، هەروەها نابێ ڕێگابدرێت بەپۆشینی حیجابی کچانی خوار 18 ساڵ لەنیو خیزان و لەدەرەوەی دا.

لەیەك ووتەدا دورخستنەوەی مەترسییەکانی سەر ڕێگای ژنانی پەنابەر و چەسپاندنی ماف و ئازادیەکانیان لەکۆمەڵگا وڕەچاوکردنیان وەك هاولاتیەیەکی یەکسان، بەپلەی یەکەم بەندە بەهاتنە مەیدانی ژنان و ریکخراوەکان و سەرجەم خەلکی ئازادی خواز لەنیو ئەم کیشمەکیشانەدا وەك هیزێکی سکولار لەپیناو چەسپاندنی سکولاریزم و بەهاکانیدا.